# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠)    ٢٧٢٤ی کــوردی    ٢٠٢٤ی زایینـــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# سیاسەتی حکومەتی بەعس لەمیانەی دامەزراندنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان لە پارێزگای هەولێر (١٩٨٧-١٩٩١)

بەفرین محەمەد ئیسماعیل
قوتابیی ماستەر- بەشی مێژوو
کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
bfreenmuhammad@gmail.com

پ.ی.د.فرست زبیر محمد ڕۆژبەیانی
بەشی مێژوو
کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
pherset.rosbeiani@su.edu.krd

**پوختە:**

کاتێك گوند و شارۆچکەکان پەناگەیەك و شوێنێکی ئارام بوون بۆ پارتە سیاسییە کوردییەکان، بە هۆی ئەوەی ئەو گوندانە ئازاد کرابوون، یان دوور بوون لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، بۆیە دەسەڵاتی بەعسی عێراق لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو دەستی بە ڕاگوێزانی دانیشتووانی گوند و شارۆچکە کوردییەکان کرد بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی چەندین هۆکاری ترس و تۆقاندن و پاکتاوکردنیان.

چوارچێوەی توێژینەوەکە تایبەتە بە ڕاگواستنی گوندەکانی پارێزگای هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩١). ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێك دێت، لە تەوەری یەکەمدا، تیشك دەخەینە سەر هۆکارە سیاسییە سەرەکییەکان کە وای لە حکومەتی بەعس کرد کە ئەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانە دابمەزرێنێت، لە تەوەری دووەمدا لێکۆڵینەوە لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و بارودۆخ و گوزەرانی ڕاگوێزراوانی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان دەکەین و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانیان شی دەکەینەوە، لەتەوەری سێیەمدا سیاسەت و ئامانجی حکومەت لە لایەنی ئابووری بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگاکان باس دەکەین، چونکە ناتوانین لە هۆکارەکانی دروستکردنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان و ڕاگواستنی دانیشتووانی گوندەکان بۆ ئەو کۆمەڵگایانە تێ بگەین، بەبێ تێگەیشتن لە سیاسەتی خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان.

کلیلەوشە: ڕاگواستن، کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان، حکومەتی بەعس.

**پێشەکی :**

**گرنگی و بایەخی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات سیاسەتی حکومەتی بەعسی عێراق لەمیانەی دامەزراندنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان لە پارێزگای هەولێر ڕوون بکاتەوە، پرۆسەی ڕاگواستن و دامەزراندنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان لە ئەدەبیاتی پێش ئێستا وەك بابەتێکی لێکۆڵینەوەی زانستی کەمی لەسەر نووسراوە، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ ئەوەی لە داهاتوو زیاتری لەسەر بنووسرێت و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بخرێتە چوارچێوەیەکی ئەکادیمییەوە. ناوەڕۆکی پێکهاتەی بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام لە سێ تەوەر پێك دێت: **لەتەوەری یەکەمدا** ڕۆشنایی خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی و هەوڵمان داوە کردار و سیاسەتی ڕژێم و بنەماکانی سڕینەوە و پاکتاوکردنی دەرهەق بە گەلی ستەمدیدەی کورد دەستنیشان بکەین. **لە تەوەری دووەمدا** لایەنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کاریگەری بەرکەوتەی لە سەر ژیانیان تاوتوێ کراوە. **لە تەوەری سێیەمدا** جەخت لەسەر بارودۆخی ئابووری دەکەین بە کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و بایەخدار لە کەناری زیانەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی لەنگەر دەگرین. لە ناوەخنی لێکۆڵینەوەکەدا گرنگترین ئەنجامی بە دەست هاتووی کە لە دواییندا لە چەند خاڵێك کۆ کراونەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** هەڵبەتە بایەخی توێژینەوەکەی ئێمە لەوەدا دەردەکەوێت کە بابەتێکی نوێیە و جددیتر ئاوڕی زانستییانەی لێ دراوەتەوە، ئەویش لە چوارچێوەی پەیڕەوی میتۆدی شیکاری، هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکان پەیڕەو کراوە، ئەم ڕێبازەش وەکو ئاماژەیەکی واتادار و مانابەخش دەردەکەوێت.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** کۆمەڵێك ژێدەر و سەرچاوە لە ڕوانگەی میتۆدی لێکۆڵینەوە ڕیزبەند کراون، کە سەرچاوەگەلێکی هەمەچەشن وەکو ئەنجامدانی دیمانە و دیدەنی لەگەڵ وتار و بڵاوکراوە حکومی و حزبییەکان و یاداشت و بیرەوەرییەکان، چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیەن، لە کۆتاییشدا بە ئەندازەی هەوڵەکانمان لیست و سەرچاوە و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

کرداری ڕاگواستن و چۆڵکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەیان لە چەند کۆمەڵگایەکی زۆرەملێدا، چەند مەبەست و ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە پشتەوە بوو، دەکرێ مەبەست و سیاسەتی حکومەت لە دامەزراندنی کۆمەڵگاکاندا لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە.

## ١- لەڕووی سیاسییەوە

کرداری سڕینەوە و لەناوبردنی کورد پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی بەرنامەڕێژ بوو لە لایەن حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق قۆناغ بە قۆناغ کاری بۆ کراوە. نەتەوەی کورد هەموو کاتێك لە لایەن حکومەتی عێراقەوە وەکو کۆسپ و بەربەستێک لەبەردەم یەکێتیی نەتەوەی عەرەب بینراوە، هەربۆیە بەردەوام بە بۆچوونی بڕیاردەرانی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، کورد مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق و عەرەب، هەر لەبەر ئەمە تاوەکو بۆیان کراوە بە هەموو شێوازێك هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی ئەم مەترسییەیان داوە، ئەگەر بۆ مێژووی ڕاگواستنی کوردان لە لایەن ناسیۆنالیستی عەرەبییەوە بگەڕێین، لەوانەیە نەتوانین زۆر بەوردی سەرە داوی ئەو مێژووە بدۆزینەوە. کۆنترین هەوڵێك کە درابێت بۆبیرۆکەی ڕاگواستنی کوردان لە زێدی خۆیان لە لایەن محمد کورد علی (١٨٧٦-١٩٥٣) وەك بیرخەرەوەیەك پێشکەشی ڕژێمی سووریای کردووە کاتێك لەساڵی١٩٣٧ کە وەزیری مەعارف بووە (علی،١٩٨٤،٤٤٠)، هەروەها جاری وا هەبووە بەنیشتەجێکردنی نەتەوەی ئاوارەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستاندا، ئەمەش جۆرێك بوو لە تێکدانی دیموگرافیای کوردستان، کاتێك کە ڕژێمی پاشایەتیی عێراقی بە یارمەتی ئینگلیز دەیانوویست ئەو نەستوورییانەی (اثورییەکان) لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ بکەن، دوای ئەوەی تورکیا نەیویست وەریانبگرێتەوە و بگەڕێنەوە تورکیا (جیاووك،٢٠١٩،٥٠).

**نوسەرێکی تریش بۆچوونی وایە**، بیرۆکەی ڕاگواستن و دامەزراندنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەبدولسەلام عارف(١٩٢١-١٩٦٦)، ئەمەش دوای ڕاوێژکردنی لەگەڵ باڵادەست و شارەزایانی کۆمەکاری

عــەرەبی دواجــار کلوفیــس مقصــود(١٩٢٦-٢٠١٦) پــلانی بیرۆکەکـەی خسـتە ڕوو کـە خـۆی لـە چۆڵکـردن و ڕاگواسـتنی گوندنشــینان و کۆکردنەوەیــان لــە چەندیــن کۆمەڵگایەکــی زۆرەملــێ دەبینییــەوە, ئامانجیــش لــەم کارەدا لاوازکــردن و پــەرە نەســەندنی خەبــاتی ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورد بــوو (عەبدولخالــق،٢٠٢٢/٩/٩). کەواتــە لێــرەدا ئــەو ڕاســتییەمان بــۆ ئاشــکرا دەبێــت کــە ســەرەتای دامەزراندنــی کۆمەڵــگا زۆرەملێیــەکان و کۆکردنــەوەی گوندنشــینان لــە کۆمەڵگاکانــدا ڕیشــەی بیرۆکەکــە بــۆ (کلوفیــس مقصــود) دەگەڕێتــەوە، ناوبــراو بــە بنچینــە و دارێــژەری بیرۆکەکــە دادەنرێــت کــە ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـووە لەپراکتیزەکردنـی ئـەو پاکتاوییانـەی کـە ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی ئەنجامـی دەدا دژ بـە نەتەوەکانـی تـر.

ڕاگواســتن و چۆڵکــردنی گونــدەکان، گۆڕینــی ســیمای نەتەوایــەتی و جوگرافیــای مێــژووی نیشــتمانی کــوردەکان ڕێگاگرتـن بـوو لـە بووژانـەوەی شـۆڕشی ڕزگاریخـوازی کـورد، حکومـەت درکـی بـەوە کردبـوو گونـدەکان باشـترین شـوێن و جێــگای کاری پارتیزانیــن هــەر لەبــەر ئەمــە وێرانکــردن و چۆڵکردنیــان زەمینەیەکــی بــاش بــۆ لاوازکــردنی خەبــاتی ڕزگاریخـوازی کـورد خـۆش دەکـرد، چونکـە پارتیـزان و جوتیـار وەک مـاسی و دەریـا وان، بـە وشـککردنی دەریاکـە ماسییەکە ناچـار دەکات بچێـت بـۆ جۆگـە بچووکـەکان, ئەمـەش ڕێـگا خۆشــکەرێک بــوو بۆئــەوەی کــە پێشــمەرگە بەئاســانی ببیندرێــت و بدۆزرێتــەوە (مەلابەختیــار،٢/٢٣/ ٢٠٢٢).

مەبەســتێکی دیکــەی سیاســەتی حکومــەت لــە دیــدگای سیاسییەوە ئـەوە بـوو، ڕامـاڵین و سـڕینەوەی گونـدەکان بـە شـێوەیەکی فـراوان، چۆڵکـردن و پەسـتانیان لـە کۆمەڵگاکانـدا بـۆ ئـەوە بـوو کـە سـوپا بەئاسـانی دەسـت بەسـەر هـەر جموجـۆڵ و بزووتنەوەیەکـدا بگرێـت، لەلایەکـی دی نەهێشـتنی گونـدەکان و چۆڵکردنیـان هـەم هێـزی پێشـمەرگەی شـپرزە و بێپەناگـە و بێبژێـو و هـاودەم دەمایـەوە، هـەم سـوپا لـەم بارەیـەوە دەسـتکراوە دەبـوو، لـە دیوێـکی دیکـەوە ئـەم کارە دەبـووە سـەرەتایەک بـۆ لەبەریەکهەڵوەشـاندنەوەی ڕیزەکـانی هێـزی پێشمەرگە و پێکهاتـەی هێـزی پێشـمەرگەی لایەنەکـان و پچڕاندنـی پەیوەندیـی نێـوان هێـزە کوردییـەکان، لەلایەکـی

تـرەوە باڵادەسـتیی ڕژێمـی بەعـس بەسـەر تـەواوی ناوچەکانـدا و دوورخسـتنەوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە قووڵایـی کوردسـتان و دەرپەڕاندنیـان بـۆ ناوچـە سـنوورییەکان و دەرەوە، لـە لایەکـی تـرەوە، ئەمـە وای دەکـرد کـە گۆڕەپانـی چالاکـی و پەلامـار و لێـدە و بـڕۆی پارتیزانـی بچوکـتر بێتـەوە، ئەمـەش بـوو بـە سـەرەتایێك بۆئـەوەی کـە سـەدان کادیـر و پێشـمەرگە ڕێـی هەنــدەران بگرنەبــەر ولەلایــەکي دی بــوو بــە هۆکارێــك بــۆ شـێواندنی بـاری دەروونـی زۆرێـک لـە پێشـمەرگە و چاندنـی تـۆی دوودڵـی و بێهیوایـی لـە ناخیانـدا بەرانبـەر بـە شۆڕشـی ڕزگاریخــوازی کــورد (کوچــانی، ژ٨، ئابــی١٩٨٧، ١٠٨-١٠٩؛ فــەرەج، ژ١، ٢٠٠٠، ٣٥).

هەڵبەتـە دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە مێژوو‌ییـە لـە بیـر نەکەیـن کـە سـاڵی ١٩٨٦ ئاشـتبوونەوەیەکی گشـتی لەنێـوان هێـزە کـوردی و کوردسـتانییەکان هاتـە کایـەوە کـە دواجـار بـەرەی کوردسـتانی لێکەوتـەوە کـە بـە بەهێزتریـن هێـزی چەکـدار دادەنـران، چونکـە ئاسـتی پەیوەندییـە سیاسـییەکانیان لـە ئاسـتێکی بـەرز و تەبایـی و کۆکدابـوون.

لایەنێـکی دیکـە لـە مەبەسـتە سیاسـییەکانی حکومـەت بریتیـب وو لـە نەهێشـتنی سـەرچاوەی بژێـوی و حەوانـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە، چونکـە گونـدەکان لانکـە و پێگـەی شـۆڕش و بەرخودانـی پێشـمەرگە بـوون، گونـدەکان ناوچـەی بەرفراوانبـوون بـۆ پێشـمەرگە کـە دەیتوانـی تێیـدا چالاکیـی زیاتـر ئەنجـام بـدەن، هەروەهـا دابڕینـی گوندنشـینان لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە بـۆ ئەوەبـوو مێرخـاس و لاوەکانیـان نەبنـە پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنیان لـێ دروسـت نەکـرێ، چونکـە گوندنشـینان هێزێکـی یەدەگـی پشـتیوانی شـۆڕش بـوون بەنـاوی هێـزی بەرگریـی میللـی(ڕوسی،٢٠٢٢/١١/٢). حکومـەت بـاش دەیزانـی لـە ڕێـگای ئـەم گوندانـەوە هـەم هـەواڵ و دەنگوباسـی پێشـمەرگە دەگەیەنـرا بـە ڕێکخسـتنی شـارەکان، هەروەهــا هــەواڵ و زانیــاری و دەنگوباســی ڕێکخســتنی شــارەکان لــەم ڕێگایــەوە دەگەیەندرایــەوە بــە پێشــمەرگە، بۆیـە ڕاگواسـتن و ڕاپێچکردنیـان بـۆ نـاو کۆمەڵـگاکان بـۆ بڕیـن و نەهێشـتنی ئـەم پەیوەندییـە بـوو. (الحـزب الديمقراطـي الكردسـتاني- العـراق، ٢٩؛ محەمـەد، ٢٠٢٠، ١٢).

لەسـەردەمی شـەڕی عێـراق و ئێرانـدا، گونـدەکان بـوون بـە

پەناگە و داڵدەدەری ژمارەیەکی زۆر لەسەربازە هەڵهاتووەکان، بە نەمانی گوندەکان بنە و پەناگەی خەڵکی شار نەدەما، چیدی خەڵکی شارەکان نەیاندەتوانی خۆیان لە دەست حکومەت قوتار بکەن بەمەش بەئاسانی لە ژێر پەلامار و بڕیارەکانی حکومەتدا دەمانەوە (مەخمووری،٣١/١٠/ ٢٠٢٢).

لەناوبردنی هێزی مرۆیی کوردستان سیاسەتێکی تر بوو، چونکە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە هەر بەشێکی کوردستاندا لەناو هێزی جوتیاراندا لە جوگرافیای شاخەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و سەربازی بێ هاوکاری خەڵک سەرکەوتن مسۆگەر ناکات (چیا، ژ١، کانوونی دووەمی١٩٨٥، ٢٣-٢٤؛ سەعید، ژ٢، ١٩٩٩، ٨٣).

لەبەرئەوە دامەزراندن و دروستکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بە ئامانجی لەناوبردنی هێزی مرۆیی کورد بوو، بەتایبەتی گوندنشینەکان، چونکە ئەوان پشت و پەنای شۆڕش بوون. لەیەهەمان کاتدا لە گوندەکان چالاکیی پارتیزانی پێشمەرگەی لەخۆ دەگرت، پەرتەوازەکردن و بڵاوەپێکردنی ئەو گوندانە لە ڕێزی پێشەوەی ستراتیژیەتی حکومەت بوو دژ بەگەلی کورد (الحزب الاشتراکی الکردستانی- العراق، ١٩٨٨، ٤٤-٤٥؛ تاڵەبانی، ژ٢٤، هاوینی٢٠٠٢، ١٨٠).

لەیەهەمان کاتدا دەست بەسەرداگرتنی ناوچە ستراتیژی و سەربازییەکان لە کوردستاندا ئامانجێکی ئاشکرای حکومەت بوو، هاوکات دابڕینی بەشێک لە جوگرافیای خاکی کوردستان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، بەتایبەت ناوچە شاخاوی و ستراتیژییەکانی کوردستان، کە ناوچەی سەخت و دژوار بوون بۆ بەرەنگاری و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی هێزی پێشمەرگەوە بوو، ئەمە وا دەکات کە درێژە بەمانەوە و گەشەکردن و فراوانبوونیان دەدا، بەتایبەتی ناوچە شاخاوی و چیاییەکانی کوردستان لە سێگۆشەی سنووری (ئێران- تورکیا، عێراق)دا، پەیوەندیی سیاسی و سەربازیی هێزی پێشمەرگە بەم وڵاتانەوە ئاسانتر دەکرد ( هەواڵنامە، ژ٢، ئابی١٩٧٨، ١٦؛ تارا وبدر، ١٩٨٧، ٤١؛ کوچانی، ١٨، ئابی١٩٨٧، ١٠٨-١٠٩).

جگە لەمە هۆکارێکی دیکەی نەرێنی لە لایەنی سەربازی و ستراتیژی دەست بەسەرداگرتن و خستنە ژێر دەستی ئەو ناوچانە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، دابڕان و دوورخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی لە جەماوەر لێ کەوتەوە، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی نێوان شۆڕش و جەماوەر، لەو شوێنانەی کە بە ناوچە ئازادکراوەکان ناسرا بوون بەهۆی خاپوورکردنی گوندەکانەوە (فەرەج، ژ١، ٢٠٠٠، ٣٤).

هۆیەکی تری دامەزراندنی کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان ئەوە بوو کە گوندەکان مەودای نێوانیان زۆر دوور بوون لە یەکتر و پەرشوبڵاو بوون، ئەمە وای دەکرد کە هێزێکی زۆری سەربازی و تێچووی زۆری بووێت، جگە لەوە لە ڕووی ئاسایشەوە بەئاسانی و بە هێزێکی کەم دەستی بەسەریاندا بگرێت، هەرچەندە ئەم سیاسەتە ئامانجی حکومەتی دەهێنایە دی، ئەمە وای دەکرد کە ڕژێم ئاگاداریی هەموو جموجۆڵێك بێت لە ناو کۆمەڵگاکاندا. (الحزب الدیمقراطی الکردستانی- العراق، ٢٩).

نەبوونی بنکەی حزبی بەعس لە زۆرێک لەو گوندانەدا، بەمەش حکومەت نەیتوانیوە لەوێدا بەتەواوی کار بکات و خۆیان ڕابگرن ئەمەش وایکردووە پەنا بۆ چۆڵکردن و ڕاگواستنیان ببەن.

هۆکارێکی دیکەی پاڵنەر بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگاکان، گۆڕانکاریی دیمۆگرافیای دانیشتووانی کوردستان بوو بە ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە عێراقدا، لەم سۆنگەیەشدا چەندان ڕێگای جیاجیایان گرتۆتە بەر، وەکو هاندانی کوردەکان بۆ گۆڕینی ناسنامەی شارستانی، گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد کە ڕژێم ناوی نابوو ڕاستکردنەوەی نەتەوە (تصحیح القومیة)، هەروەکو هەوڵی دابڕینی ئێزدی و کاکەیی و شەبەکی دەدا لە نەتەوەی کورد، ئەمەش دوای ئەوەی هەموو ئەو کاکەیی و شەبەک و ئێزدییانەی لە سەرژمێری ١٩٨٧ خۆیان بە کورد ناونووس کردبوو دوچاری ڕاگواستن بوونەوە بۆ ناو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا، جگە لەمە، لە دوای چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان خێڵێکی زۆری عەرەب لە لایەن حکومەتەوە لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکران، ئەم سیاسەتەش لە قەزای مەخموور جێبەجێ کراوە (دزەیی، ٢٠٠١، ٣٤؛ عبداللە، ٢٠١١، ١٤-١٥؛ عگید، ٢٠١٤، ٣٢).

هەرچەندە ڕژێمی بەعس پاساوی بۆ دامەزراندنی

کۆمەڵــگا زۆرەملێیــەکان دەهێنایــەوە کــە گوایــە پێشــمەرگە بــەزۆر لــەوێ خــۆراك و پێداویســتی لــە گوندنشــینان دەســێنن ئەگــەر پێیــان نــەدەن لەلایــەن پێشــمەرگەوە تووشــی ئــازار و ئەشــکەنجە دەبوونــەوە ، هەروەهــا ڕژێــم پێشــمەرگەی بــە کوشــتن و ڕفاندنــی گوندنشــینان تاوانبــار دەکــرد، لەلایەکــی تــرەوە، کاتێــك کــە پێشــمەرگە بــە گونــدەکان تێدەپەڕیــن، یــان دەمانــەوە ئەمــە وای دەکــرد کــە ڕژێــم لێپرســینەوە لــە دانیشــتوانی ئــەو گوندانــە بــکات، بۆیــە رژێــم کۆکردنــەوەی گوندنشــینان لــە کۆمەڵــگا زۆرەملێیــەکان بــە باشــترین چارەســەر دەزانــی بۆیــان. (ســەربەخۆیی، ژ١٧، تشرینــی یەکەمــی١٩٨٩، ٩؛ نــص حدیــث الرئیــس القائــد صــدام حســین، ١٩٩٠، ٤٠-٤٤).

خاپوورکــردنی گونــدەکان و دامەزراندنــی کۆمەڵــگاکان لــە لایەنــی نەتەوەییــەوە، هەروەهــا لەلایەنــی یەکپارچــەی خاکــی کوردســتاندا گورزێکــی کوشــندە بــوو، چونکــە بۆشــاییەکی زەمینــی لــە نێــوان بەشــەکانی کوردســتاندا دروســتدەکرد، لەهەمــان کاتــدا دەبــووە هــۆی دوورکەوتنــەوە و پەرتەوازەبــوون و کەڵــک وەرنەگرتنــی بەشــەکانی کوردســتان لــە یەکــتری، مەترســیی ئــەم ڕاگواســتنە مەبەســتی تێکدانــی یەکێتیــی نەتەوەیــی کــورد بــووە، لــە ڕێــگای ســڕینەوە و پچڕانــدنی پەیوەندییــە ســیاسی و کۆمەڵایــەتی و ئابوورییــەکانی دانیشــتووانی باشــووری کوردســتان (الحــزب الدیمقراطــی الکردســتانی- العــراق، ١٦؛ ئیســماعیل، ژ١٧، پایــزی٢٠٠٠، ١٦٧).

بەمــەش بەدوورخســتنەوەی کــوردە هاوســنوورەکان دەبێتــە دابڕانیــان لــە یەکــتر و پچڕانــدن و نەمــانی هەســتی نەتەوەیــی، ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا وا دەکات لەیەکــتر ئــاگادار نەبــن نەتوانــن کەڵــک لەیەکــتر وەربگــرن، کۆمــەک و هاوکارییــەکان نەگەیەنــن بــە یەکــتر.

دەکــرێ بڵێیــن لــەم سیاســەتەدا ڕژێمــی بەعــس مەغــزا و ئەنجامــی دیاریکــراوی خــۆی هەبــووە، هــەر لــە گۆڕینــی دیموگرافیــای کوردســتان و کپکردنــەوەی شۆڕشــی ڕزگاریخــوازی کــورد، بــەدەر لەمــەش کۆکردنــەوەی گوندنشــینان لــە کۆمەڵــگا زۆرەملێیــەکان بــۆ ئــەوە بــووە کــە بــەردەوام لــە ژێــر چاودێــری و کۆنترۆڵــی دەزگا ئەمنییەکانــی حزبــی بەعســدا بــن، لــە ڕاســتیدا ئــەم هەقیقەتــە مێژووییــە ئــەوە ئاشــکرا دەکات کــە سیاســەتی ڕژێمــی بەعــس بەبــێ مەبەســت و ئامانــج نەبــووە، لــەم ڕێگایــەوە کۆمەڵێــك ئامــرازی ســەرکوتکەر و تۆقێنــەری بــەکار هێنــاوە، تاڕادەیەکــی زۆر ئامانجەکــەی پێــکاوە، لــەم نێوەنــدەدا بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد دوچــاری شکســت و پەرتەوازەیــی و تێکشــکانی ئیــرادەی بەرگــری بوونەتــەوە، چونکــە گونــدەکان و دانیشــتووانەکەی پاڵپشــت و جێــگای حەوانــەوە و نانخواردنــی پێشــمەرگە بــوون، ڕژێمــی بەعــس لــەم ڕێگایــەوە دەیویســت پێشــمەرگە پەرتــەوازە و پەڕوباڵیــان بــکات.

**٢- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە مەبەســتی ڕژێمــی بەعــس لەڕاگواســتن و هەڵکەندنــی کــورد لــە گوندەکانیــان چــی بــوو؟ ئایــا زیانــە کۆمەڵایەتییەکانــی ئــەم کردەوەیــە دەبێــت چــی بێــت، هەروەهــا پلانــی ڕژێــم لــەم بــوارەوە چــی بــوو؟

سیاســەتی ڕاگواســتن و نیشــتەجێکردنی کــوردەکان لەنــاو کۆمەڵگاکانــدا، پایەکــی گرنگــی لــە داڕشــتنی هێڵــە گشــتییەکانی ئاســایشی ســتراتیژی حکومــەتی عێراقــدا گرتبــوو، سیاســەتێکی فرەڕەهەندیــش بــوو، چەنــد بــە مەبەســتی سیاسی و ســەربازی ئەنجــام دراوە، هێنــدەش مەبەســتی کۆمەڵایــەتی لەپشــتەوە بــووە (چیــا، ١٩٨٧، ٨٥؛ محەمــەد، ٢٠٠٤، ١٠٨).

یەکێــك لەمەبەســتە کۆمەڵایەتییــەکان بریتــی بــوو بەدوورخســتنەوەی گوندنشــینان لــە زێــدی خۆیــان، ئەمــە دەبــووە هــۆی ئــەوەی بیانخاتــە بــاری هەســت بەنامۆییکــردنی بەردەوامــەوە، ئەمــەش بــەرەو ونبــوون دەیانــی بــرد، لەلایەکــی تــر بــۆ ئــەوەی هەرچــی دابونەریــت و بەهــای ڕەوشــتی بــەرزی کوردییــە تێکــی بشــکێنێ و بیانگەیەنێتــە بــاری شکســتی ڕەوشــتی و لــە ڕەگــەزی ڕەســەنایەتیی خۆیانیــان ڕووتیــان بکاتــەوە، پەرتکــردن و جیاکردنــەوەی کــورد لــە دابونەریــت و بەهــا ڕەوشــتییە بــەرزەکانی کــوردەواری هەنگاوێکــی دیکــە بــوو بــۆ تێکشــکاندنی کەســایەتیی نەتــەوەی کــورد (قەرەداغــی، ٢٠٠١، ٢٠٣-٢٠٤).

مەبەستێکی تــری سیاســەتەکەی ئەوەبــوو، کۆمەڵــگای کــوردی تێکشــکاو ببێــت، ببێتــە هــۆی هەڵوەشــاندنەوە و لەباربــردنی پێوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان و داماڵینیــان لــە هەمــوو نەریــت و ڕەوشــتە بــەرزەکان و تێکــدان و پچڕانــدنی شــیرازەی

پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان, لەبــەر ئــەوەی کۆمەڵــگای کــوردی کۆمەڵگایەکــی بەهێــز بــوو, هــەر کۆمەڵگایــەک، یاخــود هــەر میللەتێــک لــە شــوێنێك بمێنێتــەوە ئینتــمای نەتەوەیــی بەهێــز دەبێــت بــەڵام لەگــەڵ گواســتنەوەیان لــە شــوێنی خۆیــان، کۆمەڵێــک بەهــا و کولتــوور کــە پابەنــدە بــە نەریــت و جوگرافیــای خۆیــان لەگــەڵ ڕۆیشــتنیان لــە دەســتی دەدەن و دەبێتــە هــۆی لاوازبــوونی کەســایەتی، ئەمــەش ڕێگاخۆشــکەر دەبێــت بەئاســانی لــە لایــەن ڕژێمــەوە فریــو بدرێــن و بــبن بــە شــوێنکەوتە و داردەســتی حکومــەت، جگــە لەمــە مەبەســتێکی تــر جێبەجــێ کــراوە بــۆ ئــەوەی پارێزگاریکــردن لــە خاوەنداریەتیــی تایبــەتی زاڵــتر بێــت بــە ســەر خاوەنداریەتیــی گشــتی، لــە هەمــان کاتــدا بــە ئامانجــی لاوازکــردنی ئایینیــش ئــەم سیاســەتە گرنگــی پــێ دراوە (عەبدولخالــق، ٢٠٢٢/٩/٩).

دوورخســتنەوەی جوتیــاران لــە مەیــدانی بەرهەمهێنــان و گەمارۆدانیــان لەنــاو کۆمەڵگاکانــدا بــە مەبەســتی کەڵــک وەرگرتــن لــە ڕژێمــی خێڵایــەتی و چەکدارکــردنی ڕاگوێــزراوان و کردنیــان بــە گــژ بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گــەلی کــورد، مەبەســتێکی تــر بــوو لــە تێکدانــی کۆمەڵــگای کــوردی (کوچــانی، ژ٨، ئابــی١٩٨٧، ١٠٨-١٠٩؛ نــوری، ٢٠٠٥، ١٠٤).

دیــارە مەبەســتی حکومــەت لــەم کارەدا بــرەودان و بووژانــەوەی سیســتەمی خێڵایــەتی بــووە، ڕاگوێــزراوان لەپێنــاو بژێــوی ژیانیــان ناچــار بــوون بچنــە ڕیــزەکانی جاشــایەتیی فەوجــە خەفیفــەکان (افــواج الدفــاع الوطنــی).

جێــگای ئامــاژە پێکردنــە گۆڕینــی شــوێنی حەوانــەوەی دانیشــتووان و تێکەڵکــردنی ئــەو هەمــوو خەڵــک و هــۆزە جیــاوازە لــە ناوچــە جیــاوازەکانی کوردســتان لــە کۆمەڵگاکانــدا، هەوڵــدان بــوو بــۆ تێکــدان و پچڕانــدنی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکانی نێــوان هــۆز و خێــزانی ناوچــە جیــاوازەکان ئەمــەش بۆشــایی کۆمەڵایــەتی و دەروونی دروســت دەکــرد، لەهەمــان کاتــدا لەپێنــاو تێکــدانی هەمــوو بنەمــا کۆمەڵایەتییــەکانی کۆمەڵــگای کوردســتان بــوو، دوورخســتنەوەی دانیشــتوانی قــەڵادزێ هێنانیــان بــۆ کۆمەڵــگاکانی پارێــزگای هەولێــر دەبێتــە هــۆی دوورخســتنەوەی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان و پچڕانــدن و دوورەپەرێــز بوونیــان لەگــەڵ خەڵکــە جۆراوجــۆرەکانی نــاو کۆمەڵــگا، ئەمــەش خــۆی لەخۆیــدا جۆرێــك لــە شــێواوی تێکشــکانێک دروســت بــوو لەســەر ئاســتی ناوچەکــەدا (شــێخ ســدیق، ٢٠٢٢/١٠/٣١؛ ســوری، ژ٢٠، ئەیلولــی١٤،١٩٩٠-١٥).

ڕوویەکــی دیکــە لــە ڕووەکانی هەڵوەشــاندنەوەی کۆمەڵــگا پەیوەنــدی ب ەنەهێشــتنی ئــەو ســۆز و خۆشەویســتی و گیــانی هــاوکاری و تەباییــەوە هەیــە، کــە لــە نــاو تاکــەکانی گوندێــک و ناوچەیەکــدا هەبــوو بــۆ فریاکەوتــن و بەدەنگەوەچــوونی یەکــتر، کۆمەڵــگاکان بــرسی و ڕەش و ڕووتــەکانی ناچــار کــرد هــەر کــەس بــەدوای قــوتی خــۆی بکــەوێ کــەس نەپرژێتــە ســەر ئــەوی دیکــە (فــەرەج، ژ١، ٢٠٠٠، ٤٠-٤١).

هەڵبەتــە یەکــێ لــە دابونەریتــەکانی کــوردەواری لــەلای گوندنشــیناندا ئەوەیــە قبوڵــی سەرشــۆڕی و ســەر دانەوانــدن ناکــەن هــەردەم ویســت و هەوڵــەکانی داگیرکەرانیــان ژێــر پــێ خســتووە دڵفــراوان و چاوتێــرن هەرچیــان هەبــووە لــە خزمــەت میوانەکەیــدا بــووە، لەبەرئــەوە هەمــوو کات ماڵــی جوتیــاران ماڵــی پێشــمەرگە بــووە و جێــگای حەوانــەوە و بەردەوامبــوونی خەبــاتی شۆڕشــگێڕی بــووە.

بەشــێکی دیکــە لــە سیاســەتی حکومــەت لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە هەوڵــدان بــوو بــۆ لەنێوبــردنی کەلەپــور و فۆلکلــۆری کــوردی ئەویــش لەڕێــگای لەنێوبــردن و ســڕینەوەیان و بەعەرەبکردنیــان، لــە کــرداری چۆڵکــردنی گونــدەکانی کوردســتان چەنــدان شــێوازی بیناســازی کــۆنی کــوردی و چەنــدان مزگــەوت و مەرقــەد و شــوێنەواری نەتەوەیــی کوردی تێکوپێــک دران، هەروەهــا چەنــدان پەرتــووک و دەســتنووس لەلایــەن حکومەتــەوە ســوتێنران، یاخــود لەتــرسی ســزای حکومــەت ســوتێنران، ئەمــە جگــە لــە چەنــدان دەســتنووسی بەنــرخ لەکتێبخانــە و مزگەوتــەکانی کوردســتانەوە گوێزرانــەوە بــۆ بەغــدا و شــارەکانی تــری عێــراق (قەرەداغــی، ٢٠٠١، ٢٠٤-٢٠٥).

لەپێنــاو ســڕینەوە و شــێواندنی کولتــوور و کەلەپــووری کــوردی، چونکــە ئــەو گوندانــە لــە کۆمەڵێــک هــۆز و خێڵــی جۆراوجــۆر پێــک هاتبــوون، دابونەریــت و کولتــووری تایبــەت بــە خۆیــان هەبــوو بــە تێکــدان و ڕاگواســتنیان و کۆکردنەوەیــان و تێکەڵکردنیــان لــە چەنــد کۆمەڵگایەکــدا ئــەو تایبەتمەندییــە ســڕایەوە، جگــە لەمــە هــەر یــەک لــەو گوندانــە کۆمەڵێــک بەســاڵاچوو و دونیــا دیتــەی تێــدا هەڵکەوتبــوو

خەزێنــە و کەشــکۆڵێکی گــەورەی فۆلکلــۆر و کەلەپــووری کــوردی و کولتــووری ســەر زارەکــی لــە ســنگ و ناخیانــدا پارێــزرا بــوو، چ بەیــت و بالــۆرە و هەقایــەت و هۆنــراوەی میلــلی و لاوک و حەیــران، بەشــێکی نەمــا و لەبیرچوونــەوە (مەخمــووری،٢٠٢٢/١٠/٣١).

کارێکی زەحمەتـە لـە زێـد و مەفتـەنی خـۆت هەڵبقەندرێـی بـۆ جێگایەکـی دیکـە، هــەردەم مــرۆڤ هەســت بەغەریبــی و پەرێشــانی دەکات، ئەمــە جۆرێــك بــووە لــە مردنێکــی لەســەرخۆ و بێدەنــگ بەتایبــەتی بەســاڵاچووە گوندنشــینەکان مزگەوتێــک، یــان ســەکۆیەک یاخــود مەجلیســێک نەبــووە لەنــاو کۆمەڵگاکانــدا کۆیــان بکاتــەوە، بەدامەکردنێــک یــا بــە چڕینــی لاوک و حەیــران و بەســتە و مەقامێــک دەردە دڵیــان بـۆ یـەک هەڵبڕێـژن بـاری خـەم و ئازارەکانیـان سـووک بکـەن.

لــەڕووی پەروەردەییشــەوە سیاســەتی حکومــەت ڕووتکردنــەوەی گوندنشــینان بــوو لــە هەســت و نەســتی نەتەوایـەتی، ئەمـەش بـە لەبیربردنـەوەی مێـژووی جوڵانەوەکـەی لەڕێــگای چەســپاندنی مێــژووی عــەرەب و بەعــس و چەمکــی سەرشـۆڕکردن و ڕازیبـوون بەژیـانی ژێردەسـتەیی هەروەکـو لـە بەرنامــەکانی پــەروەردە و تەلەفزیــۆنی خــۆی دەبینیــەوە، جگــە لەمـە لەپێنـاو کارکـردن بـۆ دروسـتکردنی کەلێـن و درز خسـتنە نێــوان دیالێکتــەکانی زمــانی کــوردی و کەلەپــوور و کولتــوور و فەرهەنگــی ناوچــەی ســۆران و بادینــان، ســەرەڕای خۆشــکردنی ئاگــری کینــە و بوغــز و ڕق ئەســتووری بــۆ ڕکابەرایەتیــی هەسـتی ناوچەیـی و خێڵایـەتی (چیـا، ١٩٨٧، ١٣٦؛ تـارا و بـدر، ١٩٨٧، ٤٣-٤٤؛ مورتکــە، ١٩٩٠، ١١٦-١١٨).

جۆرێــک لــە بێمتمانەیــی و دوورەپەرێــزی لــە نێــوان ڕاگوێــزراوانی کۆمەڵــگاکان بــەدی کــراوە، لــەکاتی ســەردانی مەیدانیــمان بــۆ بەشــێکی زۆری کۆمەڵــگا زۆرەملێیــەکانی پارێـزگای هەولێـر, ئەوەمـان سـەرنجدا کـە تەنانـەت جۆرێـك لــە خۆپارێــزی و ڕق ئەســتووریان بەرانبــەر هەندێــک لــەو خێڵانــەی کــە دەســتیان لەکاولکــردن و ســوتاندن و بەتاڵانــبردنی مــاڵ و موڵکــی جوتیــارە ڕاگوێــزراوەکان هەبــووە بەقینــە و دڵ پــڕ لەداخــەوە باسـیان دەکـردن، بگـرە شـێوازی دابەشـبوون و نیشتەجێبوونیشــیان لەنــاو کۆڵانــەکانی نــاو کۆمەڵــگا بــەڕوونی هەســتی پێدەکــرێ، بەهیــچ جۆرێــك تێکــەڵ بــەو خێڵانــە

نەبوونـە هەرچەنـدی بۆیـان کـراوە خۆیانیـان لـێ پاراسـتووە دیــارە ئەمــەش هەمــووی پــلان و بەرنامــە و سیاســەتی حکومــەت بــووە بــۆ دروســتکردنی فیتنــە و ناخــۆشی لەنــاو کۆمەڵــگای کــوردی.

لایەنێکــی دیکــە لــە ڕووە کۆمەڵایەتییەکــە لــە سیاســەتی حکومــەت لــە ڕووی کارتێکــردنی دەروونییــەوە، ڕاگواســتنی کــوردەکان دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کاردانــەوەی نەرێنــی لــە ســەر دەروونیــان بەجــێ بهێڵێــت، خەڵکــە ڕاگوێزراوەکــە لــە کۆمەڵــگاکان هــەردەم وەکــو میــوان بــوون، ئەمــە جگــە لــە تێکەڵبوونیــان لەگــەڵ خەڵکــی جۆراوجــۆر و دوورخســتنەوەیان لــە شــوێن و ناوچــەی خۆیــان، بۆیــە ئەمــە دەبــووە هــۆی ئــەوەی لــە ڕووی دەروونییــەوە لــە دۆخێکــی نالەبــار و بــێ ئۆقــرە ژیــان بگوزەرێنــن، دڵ پــڕ لــە خــەم و چــاوەڕوانی بیانـکات بـە مرۆڤێکـی تێکشـکاو و دەروون نەخـۆش و جەسـتە هیــلاک و شــەکەت (موفتــی، ٢٠٢٢/١١/١؛ ڕەســول،ژ١،پایزی ٢٠٠٢،٤٢-٤٤).

کۆکردنــەوەی ئــەو خەڵکــە بــێ شــومارەی گونــد و شـارۆچکەکان لەنـاو کۆمەڵگاکانـدا، نامـۆ بـوون بـە ژیـانی نێـو کۆمەڵـگا ئەمـەش بـووە هـۆی لەکارخسـتنی توانـای جەسـتەیی و هــۆش و هــزری ڕاگوێــزراوان.

کەواتــە لێــرەدا ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێــت گۆڕانــکاری بەسـەر کۆمەڵـگای کـوردی داهـات، ئەمـەش لـە ڕێـگای پلانـی بەرنامـەی چۆڵکردنـی گونـدەکان پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان گۆڕانــی تــێ کــەوت، شــیرازەی خێزانــی کــورد لاواز بــوو تاکەکانــی بــە ئاســانی دەســتەمۆ دەکــران لــە لایــەن هێــزە ئەمنــی و حزبییەکانــی حزبــی بەعــس، وەکــو چاوســاغ و ســیخور لــە بەرژەوەندیــی خۆیــان بــەکار دەهێــنران، بــەدەر لەمـەش تاکـی کـورد لـە چوارچێـوەی کۆمەڵگایەکـی داخـراودا دەروونــی تیــك دەشــکێت وا دەکات جۆرێــك لــە نائومێــدی و بێمتمانەیــی لــە ناخــی تاکــەکان ســەرهەڵبدات، جۆرێــك لــە تێروانینــی نەرێنــی لــە لایــەن بەشــێك لــە خەڵکــە ڕاگوێزراوەکانـی نـاو کۆمەڵـگاکان بەرانبـەر هێـزی پێشـمەرگە دروسـت ببـوو، ئەوانیـان بـە هـۆکاری سـەرەکی دادەنـا لـە تێکچوونــی گوندەکانیــان و دورخســتنەوەیان لــە مەفتــەن و زێــدی ڕەســەنیان.

**٣- لەڕووی ئابوورییەوە**

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری سەرچاوەی سەرەکی ژیانی گوندەکان بوو، ڕژێم پرۆژەی هەبوو بە ناوی پەرەپێدانی لادێکان(تطویرالریفی)، ئەم پرۆژەیەش خۆی لە تێکدانی گوندەکان و دوورخستنەوەی جوتیاران لە گێلگەکانیان بۆ ناو کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان دەبینیەوە، ئامانجێکی سەرەکی حکومەت بوو بۆ لاوازکردن و پەکخستنی ژێرخانی ئابووری کوردستان. بەچۆڵکردنی گوندەکان، هێزی جووتیاری کورد ئەو چینە خەڵکەی بەشی خۆی و دەوروپشتیشی پێداویستیی بازاڕی بەرهەم دەهێنا، لەبەرهەمهێنەوە دەبوو بە مشەخۆر، ئەمەش وایکرد کە ئەو خەڵکە ناچار بوو بە ملکەچی و ژێردەستەی بۆ هەر بڕیارێکی حکومەت، چونکە بژێوی خۆی بۆ دابین نەدەکرا، لەلایەکی دیکەوە بە نەمانی چینی جوتیاران کۆمەڵگای کوردی لەبەرهەمهێنەوە بوو بە بەکاربەر، هۆکارێك بوو بەرەبەرە بێکاری و خراپی ژیان و گوزەران چەکەرە بکات، بەجۆرێک هیچ دەرفەتێکی خۆبژێوی بۆ کوردەکان نەمێنێتەوە و تاکی کورد بەرەو پاشکۆیی ببات، بە ئامانجی ڕێگاگرتن لە هەموو دەرفەتێکی ئابووریی سەربەخۆ (الحزب الدیمقراطی الکردستانی- العراق، ١٨؛ فەرەج، ژ١، ٢٠٠٠، ٣٥؛ میراودەلی، ٢٠١٣، ٦٦).

ئەم سیاسەتەش ئاسانکاری دەکرد لە دەستگرتن ب ەسەر توانا و بۆچوون و ورەی جوتیاران و زەحمەتکێشانی گوندە ڕاگوێزراوەکان، کە پاڵنەرێک بوو بۆ دروستکردنی بێکاریی ڕووپۆشکراو (البطالة المقنعة)، و ڕازیان بکات بە مووچەیەکی کەم (ئازاد، ژ١، کانوونی دووەم١٩٨٥، ٢٠؛ تارا و بدر، ١٩٨٧، ٤٣-٤٤؛ سەعید، ژ٢، ١٩٩٩، ٨٣-٨٤)، بەم هۆیەشەوە خەڵکە ڕاگوێزراوەکە لە سەرچاوە ئابوورییەکان دەترازێنێت، هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی سەرچاوەی کارکردن لە کەسانی ئیشکەر و خاوەن دەروونی بەرز بۆ خەڵکی بێکار و برسی و ڕووت و هەژار، پاڵنەرێك بوو لەپێناو پەیداکردنی پاروەە نانێک ئامادە بن پەنا بۆ کاری نەشیاو ببەن (روسی، ٢٠٢٢/١١/٢).

هەڵبەتە مەبەست و ئامانجی حکومەتی بەعس لەناوبردنی ئابووریی کوردستان بووە، چونکە ئابووری سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە، لایەنێکی گرنگی خۆشگوزەرانی مرۆڤ لە سایەی ئابوورییەوە بەدەست دێت، لێرەشدا مەبەستی برسیکردنی خەڵکی کوردستان بووە، بەجۆرێک بیر لەبواری سیاسەت و دەسەڵات نەکەنەوە ناچار بن بچنە ڕیزی حکومەت لە بەرانبەر بڕێک پارە چەکی جاشایەتی بکەنە شانیان، ئەمە جگە لەوەش دەیانتوانی خۆیان لە بەرەکانی شەڕ بدزنەوە.

دیوێکی دیکە لە سیاسەتی حکومەت لە ڕووی ئابوورییەوە بریتی بوو لە سیاسەتی بەسوتماککردنی خاکی کوردستان، کرداری چۆڵکردنی گوندەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگاکان بەتەنیا سڕینەوەی مرۆڤی کورد نەبوو، بەڵکو ئەم شاڵاوە بە مەبەستی لەناوبردنی پەلەوەر و مەڕ و ماڵات و بەرزەوڵاغ و باڵدار و گیانلەبەری دیکە، ئەمە جگە لەمەبەستی نەمان و فەوتاندنی ئۆتۆمبێل و مەکینە و ئامێرەکانی کشتوکاڵی و ئاش و حەوزی ماسی و شانەی هەنگ و ڕەز و باغ و بێستان و زەوی کشتوکاڵی لەگەڵ چەمێکی زۆری دار چنار و بی و ئەسپیندار و داری خانووبەرە لەناوچوون (سالح، ٢٠٠٨، ٥٢؛ تالەبانی، ٢٠١١، ٣٠)، هەموو ئەم سیاسەتانەش خۆی لەخۆیدا لەپێناو لەناوبردنی ئابووریی نەتەوە بوو، چونکە قەڵاچۆکردنی گوندنشینان و دوورخستنەوەیان، بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکان چیدیکە بەرهەم ناهێنرێت، شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد ناتوانێت پشت ئەستوور بێت بەو داهات و بەروبومەی لە گوندەکان پشتی پێ دەبەست، دەبووە هۆی نەمانی سەرچاوەی بژێوی و پێداویستییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە (مەلابەختیار،٢٠٢٢/٢/٢٣).

تێکڕای ڕووبەری چێنراوی زەوی بۆ بەرهەمی زستانەی گەنم و جۆ لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٠ بریتی بوو لە (١٠٥٣٦٠٠) دۆنم، و بڕی بەرهەم(٩٤٩٣٠٠) تەن بوو، و لە ساڵی ١٩٨٨ ڕووبەری چێنراوی زەوی گەیشتە (٥٧٨٢٠٠) دۆنم، بڕی بەرهەم گەیشتە (٧٣١٠٠) تەن، هەروەها ڕووبەری چێنراوی زەویی کشتوکاڵی هاوینەی برنج لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٠پێك هاتبوو لە (١٥٠٠)دۆنم، بڕی بەرهەم (٦٥٠) تەن، لە ساڵی ١٩٨٨ ڕووبەری داچێنراوی زەوی گەیشتە (٨٨)دۆنم، بڕی بەرهەم

(٥٠)تــەن بــوو. (ئیســماعیل،ژ٣٧٨،٢٠١٧،٣٧-٣٨٠).

دەتوانیــن بڵێیــن گونــدەکان هاوســەنگیی شــارەکانن چۆڵکردنیـان هۆکارێـک دەبێـت بـۆ لەناوبـردنی ئابـووری، ئەمـە جگـە لـەوەی سـەرچاوەی بژێـوی هێـزەکانی پێشـمەرگە بـوون کـە هێـزی مـاددی و مەعنـەوی لەسـەر پایەکانـی ئابـووری بینـا کردبـوو، بـە کـرداری ڕاگواسـتن و چۆڵکردنـی گونـدەکان ئـەو دەسـکەوتە سـنوور دارکـرا، بەمـەش زیانێکـی گـەورە بـەر هێـزی ئابووریـی پێشـمەرگە کـەوت، لـە لایەکـی تـرەوە باشـترین شـوێن بـوو بـۆ بەگژداچوونـەوەی داگیرکـەران، لـە بیرمـان نەچێـت کۆمەڵـگا زۆرەملێیـەکان لەسـەر ڕووبەرێکـی ئێجـگار فراوانـی زەوی کشـتوکاڵی بنیـاد نرابـوون، بەمـەش ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی زەوی کشـتوکاڵی فەوتێـنران، لەگـەڵ چۆڵکردنـی گونـدەکان کـران بـە ناوچـەی قەدەغەکـراو، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ڕووبەرێکـی فـراوان لـە ناوچەکانـی دەشـتی هەولێـر، لـە قـەراج و کەندێنـاوە و شـەمامك و مولکیـە و ناوچەکانی دەشـتی کۆیـە و بنـاری کۆیـە بـە (بەیـار) مانـەوە، هـەزاران دۆنـم زەوی لـە ڕەز و باغـەکان لـە ناوچەکانـی خۆشـناوەتی و ناوچـە کوێسـتانیەکانی پارێـزگای هەولێـر سـوتێنران، کـەس بـۆی نەبـوو بەرهەمەکشـتوکاڵییەکان لـەم ناوچانـەدا بەرهـەم بهێنێـت.

لێکەوتەیەکـی تـری ئابـووری کـە لەمیانـەی دامەزراندنـی کۆمەڵگاکانـدا هاتبـووە کایـەوە، نیشـتەجێکردنی خێڵـە نیمچـە کۆچەرییەکانـی (هەرکـی، برادۆسـت، سـورچی ) بـوون، بەنیشـتەجێکردنیان لـە کۆمەڵگاکانـدا زیانێکـی زۆر بـە ئابووریـی کوردسـتان کـەوت.

**ئەنجام:**

**ڕاگواسـتنی کـوردان پرۆسـەیەك بـووە بـۆ پاراسـتنی سـنووری ئــەو ولاتانــە بــوون کــە کوردســتانیان داگیرکــردووە، لــە مێـژووی نوێـدا هـەر لەگـەڵ دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق ناسیونالیسـتی عەرەبـی پرۆژەیـان هەبـووە، بـۆ ڕاگواسـتنی کـوردان لـە دێیەکانـی خۆیـان، هەروەهـا نیشـتەجێکردنی عـەرەب و میللەتانـی تـر لـە شـوێنی وان، باشـترین نمونـەش بیرخـەرەوەی محمـد کـرد عەلییـە لەگـەڵ کلۆفیـس مقصـودە، هەروەهــا هەوڵــی نیشــتەجێکردنی (ئاثورییــەکان ) لــە ناوچــەی بــارزان و دەوروبــەری.**

- لەدەرکــردن و ڕاگواســتنی کۆمەڵــگای کــوردی بەتەنهــا مــرۆڤ زەرەرمەنــد نەبــوون، بەڵکــو دوور لــە هەمــوو بەهــا ئەخلاقــی و ئایینییــەکان، ژینگــەش دووچــاری وێرانکارییەکــی زۆر هــات، وەکــو وێرانکــردنی کانی و چــەم و ڕەز و بــاغ و درەخــت و پەلــەوەر و گیانــدارەکان.

- پەراوێــز خســتن و لاوازکــردن و وەدەرنــانی بزووتنــەوەی چەکــداری کــورد (پێشــمەرگە) بــۆ ســەر ســنوورەکان، دوورخســتنەوەیان لــەم ناوچانــە کــە دەمێــک بــوو ئــازاد کرابـوون، بەمـەش گۆڕەپـان و سـنووری چالاکـی و بەرخودانیـان بــە ئەندازەیەکــی زۆر بەرتەســک بــووەوە.

- جووتیــار و خەڵکــی ئــەم ناوچــە و گوندانــە خەریکــی کاری هــەرەوەزی و کشـتوکاڵ و ئاژەڵـداری بـوون، ئـەم کـردارە وایکــرد ببێتــە هــۆی لەدەســتدانی ســەربەخۆیی ئابــووری، کـە بـە پلـەی یەکـەم کاری سـەرەکییان بەرهەمهێـن بـوو لـە ئەنجامـی لەدەسـتدانی جموجۆڵـی ئابـووری و ئـازادی ژیانیـان لەبەرهەمهێنــەوە بــوون بەمشــەخۆر.

-چەکـدارە کـوردەکان کـە سـەر بـە ڕژێـم بـوون وەک جـاش نـاسرا بـوون، بـەو پێیـەی جووتیـارەکان سـنووری کارکردنیـان بەرتەسـک بـۆوە، وەکـو جـاران نەیانتوانـی سـەربەخۆ بژێـوی ژیـانی خۆیـان دابیـن بکـەن، بەشـێکی زۆریـان لـە جوتیـار و خـاوەن کێڵگـە ئارەزوومەندانـە پەیوەندییـان بـەو فەوجـە جاشـانە کـرد.

-پەرتەوازەکـردن و لێکـترازانی کۆمەڵـگا، کـە هـەر لەبنەڕەتـەوە گیـانی تەبایـی و بەخشـندەیی و هـاوکاری لـە نێـوان خەڵکـی گونـدەکان هەبـوو، پابەنـدی کۆمەڵێـک دابونەریـت و عـورفی

کوردەواری بوون، بەناچارکردن و دوورخستنەوەیان بۆ ژێر دەستی ڕژێم و کۆمەڵگاکان، سنووردار و بەرتەسک بوونەوە.

- چیا و گوندەکان لە هەموو شوێنێک زێتر پشت و پەنا و جێگای داڵدەدانی هێزی پێشمەرگە بوون، لەبەرئەوە داگیرکەران هەمیشە نەخشەسازییان کردووە لەپێناو ڕاگواستن و دەرکردنی گوندنشینان لە مەفتەن و زێدی ڕەسەنی هەزاران ساڵەی باب و باپیرانیان.


**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بڵاوکراوە حکومی و حزبییەکان بەزمانی عەرەبی**

١- الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق (دون سنة الطبع)، التهجير سلاح بيد النظام العراقي الفاشي لمحاربة الثورة الكردية.

٢- الحزب الاشتراكي الكردستاني- العراق (١٩٨٨)، تقرير خاص الى الكونغرس الأمريكي حول استخدام الأسلحة الكيمياوية.

٣- نص حديث الرئيس القائد صدام حسين (١٩٩٠)، أربيل، مديرية مطبعة الثقافة والشباب.

**دووەم: یاداشت و بیرەوەری**

**ا- بە زمانی کوردی**

١- نوری، جەمال شێخ (٢٠٠٥)، وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

٢- مورتکە، جەمال (٢٠٠٨)، چیا خۆی دەنووسێتەوە (نووسینەوەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات ١٩٩٠)، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

١-علی ،محمد كرد (١٩٤٨)،المذكرات، ديمشق، مطبعة الترقی.

**سێیەم: دیدار و چاوپێکەوتن:**

١- مەلا بەختیار، (٢٠٢٢/٢/٢٣)، سلێمانی، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری خانەقین لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی مارکسی لینینی، لەپاشان بووە بە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، جگە لە بواری سیاسەت، نووسەرێکی دیارە و خاوەن چەندان بەرهەمە، لە ئێستادا ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

٢- روسی، مام خدر، (٢٠٢٢/١١/٢)، هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی (عاڵڵا)ی سەر بە ناحیەی دیبەگەی قەزای مەخموور لەدایک بووە، پێشمەرگەی دێرین و دامەزرێنەر و سکرتێری گشتیی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانە.

٣-شێخ سدیق، (٢٠٢٢/١٠/٣١)، هەولێر، لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە، جگە لە بواری سیاسی و پارتایەتی خاوەنی چەند پەرتوکێکە لە بواری ئەنفال و بەعەرەبکردن و ڕاگواستن، ئێستا جێگری سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستانە.

٤- عەبدولخالق، مەسعود، (٢٠٢٢/٩/٩)، هەولێر، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، بڕوانامەی ماستەری لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە بەریتانیا بەدەستهێناوە، خاوەنی چەندان بەرهەم و وتار و لێکۆڵینەوەیە, ئێستا بەڕێوەبەری دەزگای ستاندەرە.

٥- مەخمووری، غەفوور (٢٠٢٢/١٠/٣١)، هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کەندی قەلان (وادي الغراب) سەر بەقەزای مەخموور لەدایک بووە، دامەزرێنەری یەکێتیی نەتەوەییی دیموکراتی کوردستانە، وەکو کارگێڕی لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردنی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی هزری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاو کردۆتەوە, بەدەر لەوانە خاوەنی چەندان پەرتووکە.

٦- موفتی، عەدنان، (٢٠٢٢/١١/١)، هەولێر، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، ڕۆڵێکی باڵای لە ئاشتبوونەوەی گشتی و دامەزراندنی بەرەی کوردستانی هەبووە، لە ساڵی ١٩٩٥ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر دەستبەکار بووە.

**چوارەم: کتێب**

أ- بەزمانی کوردی

١-تاڵەبانی، نوری، (٢٠١١)، کورتەیەک لەبارەی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بە گەلی کورد، و: شاناز ڕەمزی، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

٢- چیا، (١٩٨٧)، ئەمنی ستراتیژیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، ب. ش. چ.

٣- دزەیی، یوسف، (٢٠٠١)، ئەنفال و کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤-ساڵح، عەدالەت عومەر، (٢٠٠٨)، شاڵاوی ئەنفال و کاریگەرییەکانی لەسەر باری ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی بەجێماوی ئەنفال لە: کتێبی کۆنگرەی بەجیهاناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

٥- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠١)، کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر

کـورد، سـلێمانی، چاپخانــەی وەزارەتی ڕۆشــنبیری.
٦- محەمــەد، مــوراد حەکیــم، (٢٠٠٤)، ئاکامــە کۆمەڵایەتییــەکانی سیاسـەتی ڕاگواسـتنی کـورد لـە عێـراق لـە سـەردەمی بەعسـدا، سلێمانی، ل ەبڵاوکـراوەکانی سـەنتەری لێکۆڵینــەوەی سـتراتیژیی کوردسـتان.
٧- محەمــەد، عەبدولـرەزاق عەبدولرەحـمان (٢٠٢٠)، بـزاوتی ئیسـلامی لـە ڕەگـی ئیخوانـەوە بـۆ ڕاگەیانـدنی یەکگرتـوو (١٩٤٦-١٩٩٤)، سـلێمانی، چاپخانــەی سازیار.
٨- میــراودەلی، مۆفــەق، (٢٠١٣)، ڕاگواســتنی قــەزای پشــدەر (١٩٧٧-١٩٨٩)، کۆتاییــی ئەنفــال، سـلێمانی، چاپخانــەی کەمــال.
٩- مەحمــود، عەبدوڵــڵا کەریــم، (٢٠٠٣)، ڕەشــەبای ژەهــر و ئەنفــال، بەرگــی دووەم، سـلێمانی، چاپخانــەی وەزارەتی ڕۆشــنبیری.

ب- بە زمانی عەرەبی
١-تــارا و بــدر، أبــو، منيــر.ك، (١٩٨٧)، الشــعب الكــردي في مواجهــة الشــوفينية والعنصريــة، د. م.
٢-جيــاووك. معــروف، (٢٠١٩)، مأســاة بــارزان المظلومــة، ط٢، اربيــل، ڕۆژهــەلات.
٣ - عگيـد، نبيـل عبيـد, (٢٠١٤)، التهجيـر القـسرى والتطهيـر القومـى نوعـان مـن الإبـادة الجماعيـة، السـليمانية، مطبعـة جـمال عرفـان.
٤-عبداللــه، خليــل، (٢٠١١)، تعريــف الانفــال بالابــادة الجماعيــة، ت: محســن بنــى ويــس، الســليمانية، مطبعــة حمــدى.

**پێنجەم: وتار و توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی**

١- ئـازاد، (کانـونی دووەمـی ١٩٨٥)، مەسـەلەی جاشـایەتی لـە کوردسـتانی عێراقـدا، (کۆمەڵـە)، ژ:١.
٢- ئیسـماعیل، سـلێمان عەبدوڵـڵا (پایـزی ٢٠٠٠)، گۆڕانکاریـی چەندێتـی جێنشـینە دێهاتییــەکان لــە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق، (ســەنتەری برایــەتی)، ژ:١٧.
٣-ئیســماعیل، نەجمەدیــن عەبدوڵــلا( ٢٠١٧)،کاریگــەری بڕیارەکانــی ئەنجومەنــی ســەرکردایەتیی شــۆڕش لــە عێــراق لەســەر بارودۆخــی ئابووریــی کوردســتان لــەم اوەی نێــوان ســاڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)دا، (ئەکادیمیــای کــوردی)، ژ:٣٧.
٤- تاڵەبـانی، ناهیـدە جەمـال (هاوینـی ٢٠٠٢)، ئەنفـالی گەرمیـان ڕەوشی دیمۆگرافی و کۆمەڵایـەتی پاشـماوەی ئەنفـال، (سـەنتەری برایـەتی)، ژ: ٢٤.
٥-چیــا، (کانــونی دووەمــی ١٩٨٥)، تەلبەندکــردنی ئــۆردوگاکان بۆچــی، (کۆمەڵــە)، ژ:١.
٦-ســوری، حەمید(ئەیلولــی١٩٩٠)، ژیانــی کۆمەڵایەتــی ئــاوارەکان، (بــەرەی کوردســتانی)، ژ:٢٠، ســاڵی ٣.
٧- ســەعید، عەبدولقــادر، (ســاڵی ١٩٩٩)، ڕاگوێــزران بەرنامەیەکــی داڕێــژراو بــوو لەچەنــد قۆناغێکــی ترســناکدا، (هــزر)، ژ:٢.
٨- ڕەسـول، شـوکریە (پایـزی ٢٠٠٢)،هەڵوەشـاندنەوەی خێزانـی کـورد لەنێـوان دەسـەڵاتی بەعـس و مافـی مرۆڤدا،(هـاواری ئەنفـال)،ژ: ١
٩- فـەرەج، لەتیـف فاتیـح (سـاڵی ٢٠٠٠)، پرۆسـەی سـڕینەوە، (ئەنفـال)، ژ:١.
١٠- کوچـانی، هاشـم (ئـابی ١٩٨٧)، ڕاگوێـزان شـەڕێکی ڕەگەزپەرستانەیە بـۆ تواندنـەوەی گـەلی کـورد، (ڕێـگای ئاشـتی و سۆسـیالیزم)، ژ:٨.

**شەشەم: ڕۆژنامە بە زمانی کوردی**

١- سەربەخۆیی، ژ١٧ (تشرینی یەکەمی ١٩٨٩).

**حەفتەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

١- هەواڵنامەی کوردستانی عێراق، ژ: ٢، خولی ٣ (ئابی ١٩٧٨).

## ملخص البحث

اصبحت القرى والبلدات في كردستان العراق ملاذا امنا للأحزاب الكردية، إما لانها كانت محررة أو لانها كانت بعيدة عن سيطرة الدولة المركزية، لذلك بدأ نظام البعث العراقي عملية التهجير المنهجي لسكان القرى والبلدات الكردية في نهاية سنوات الثمانينات من القرن الماضي، ونقلهم إلى التجمعات السكانية القسرية من خلال استخدام وسائل الترهيب والقمع، ينحصر الاطار الزمني لهذا البحث بين سنوات (١٩٨٧الى ١٩٩١) ويركز على التهجير في محافظة اربيل حصرا، يتكون هذا البحث من ثلاثة مباحث رئيسية، في المبحث الاول نبحث عن الاسباب السياسية التي دعت الدولة العراقية لأنشاء المجمعات القسرية، وفي المبحث الثاني، سنركز على الجوانب الاجتماعية وعلى ظروف المبعدين المعيشية في المجمعات القسرية ونتائجها الاجتماعية عليهم، وفي المبحث الثالث سنناقش السياسة الاقتصادية للحكومة العراقية اهدافها، حيث لايمكن فهم اسباب بناء تلك المجمعات القسرية ونقل الناس اليها دون فهم سياسة تحطيم البنى التحتية الاقتصادية لكردستان.


الكلمات المفتاحية: تهجير، المجمعات القسرية، حكومة البعث.


## Abstract

When the villages became a safe haven for Kurdish political parties, because they were liberated or removed from the control of the central government, the Iraqi Ba'athist regime undertook the practice of curricular relocation of Kurdish villagers in the late 1980s , Relocating villagers to forced communities through the use of various means of intimidation and cleansing.

The framework of the study is about the relocation of villages in Erbil province between 1991-1987. This research consists of three main topics in the first topic we will highlight the main political reasons that led the Ba'ath government to establish these forced societies, in the second topic we will investigate the social aspects and conditions of forced societies and social consequences on their lives. We talk about the economy for the establishment of communities, because we cannot understand the reasons for the creation of forced communities and the relocation of people to these communities, without understanding the policy of destroying the economic infrastructure of Kurdistan.


Keywords: Deportation, Forced Communities, Ba'ath Government.